کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-4-2007 0:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تورکیا شایەنی ئەسەف نییە... بەهزاد حەوێزی

یەك لە رژێمە سەرکوتکاروخوێنمژەکانی ناوچەکە رژێمی ئەسکەرتاریی تورکیایە، ئەو هەمیشەوبەبۆنەوبێ بۆنە بە رابردووە نەگریس وچەپەڵ وخوێناویەکەی خۆی دەنازێ، بەو ئیمپراتۆرە ملهوڕەی دوێنێ کە هەرەمێ بوو لە کەللە سەری مرۆڤەکان، بۆیە نەك شایستەی شانازی وپێهەڵگوتن نییە بگرە بەو مەوروسە ناسیۆنالیستەی ئەمرۆی مایەی لێپێچینەوەوهەڵوەشانەوەودادگاییکردنە.
لەوەتەی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیزم سەرنگون بووە، ئیدی تۆرانیەکان کێچ کەوتۆتە کەوڵیان تمەز کۆنەهاوپەیمانی چارەنووسسازی یەکدی بوون لە شەڕوکوشتاری کوردان وسەرکوتکردنی دەنگی ئازادیخوازیی ودیموکراسی خەڵکی برابەش بوون، دیارە ئەو کاربەدەستانەی تورکیش چ مەرام ومەبەستێکیان لە جانتاوهەگبەکەیان دایە لەوەی رۆژانە وەك ژەهر بەرووی ئامانج وخواستی گەلی ستەمدیدەی کورد هەڵیدەڕێژن، ئەوانیش لە هەموو کەس باشتروچاکتر دەزانن کوێیان دێشێت، بەڵام نەگبەتییەکەیان لەوەدایە وشترمل ئاسا رەفتار دەکەن و وادەزانن بە لاملی وملهوڕی وهەرەشەوگوڕشەیان لاپەرەکانی مێژوو بۆدواوە دەگەڕێننەوە، سەیرە نکوڵی لە مافی رەوای پەنجاملیۆن کەس دەکەن، هەندە نابوێروبێ جەسارەتن دانبەودیفاکتۆیەی کوردستانی –ئێراق نانێن، بەهەموو ئەقڵیەتی کەمالیزمیانەوە وادەزانن هەرچی گەر ئەوان نەینووسنەوەونەیخوێننەوە بوونی نییە، مەبەستم لەم چەند دێڕەش هەڵدانەوەی لاپەڕەرەشەکانی تۆرانیزم نییە بەقەد ئەوەی لەسەردەمی ئەمڕۆدا ئیدی باوی هەرەشەوگەروگیف نەماوە، بەهەموو دابونەریت وعورف وپاساورێسایەکی ئاسمانی وزەوین! ی، مافی گەل ونەتەوەکان پارێزراوە لە ئازادی وسەربەخۆیی وژیاندا، گەلی کورد مافی رەوای خۆیەتی قەوارەی سەربەخۆی خۆی هەبێت و ببێت بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ،
ئەو واقیع وقەوارە سەربەخۆییەی کوردستان –ئێراق و تەفروتونابوونی بەعسیزم لە ئێراقدا باشترین وانەوپەندوعیبرەتە بۆ سیستەمە سیاسیە سەر کوتکار و ستەمکارەکانی دەرودراوسێ وناوچەکەوهەمووجیهان تا بەخۆیان دابچنەوەوروو لە لۆجیکی ئەقڵ ودیالۆگ و فەرهەنگی سەردەم بکەن، ئەگینا زوو تادرەنگ سەرەنوێڵکی مێژوو لە چاوەروانیاندایە، بۆیە تورکیاش هەرگیز بەو سیاسەت ورێبازە چەوت وچەوێلەی بە هیچ ناگات و بەردەوام رووەو قەیرانی خۆگونجاندن دەلەنگێت هاکە بەرەو هەڵدێرێك گلۆربوویەوە، لەبەرئەوە پێویستە بەخۆیدا بچتەوە و ئاو نەکاتە ئاشی قەیرانەکانی، کەی تورکیا وڵاتێکی سەقامگیر بووە و بە چ سیاسەتێکی خۆی دەنازی وتاکو دووهەندەت قازانج لێنەکات دەستی خوێناوی خۆیت بۆ درێژناکات، مافی ئازادی ودیموکراسی وچارەی خۆنووسین کوانێ لەو دەوڵەتە بە کەللەسەروهێسکوپروسك هەڵنراوە، توخوا تورکیا هی ئەوەیە تاکو شایەنی رێزوحورمەت وئەسەف بێت!!! یا میللەتێکی بەشخوراووزوڵم لێکراو.
زۆر گرنگ و پێویستیشە تورکەکان واز لەو موهاتەراتەسیاسی ونەفەسەئەسکەرتاریەتانە بێنن وخۆبەزلزانی وزلهێزیی بۆ هیچ کەس ونەتەوە و رژێم وسیستەمێك تاسەرنەبووە و نییە ولەپاشاندا هەر بە زیانی خۆشیان تەواو بووەودەبێت وئایندەش سەنگی مەحەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.